https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.157

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# قەڵای (کان- خفتیزەکان) لە شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاست دا

**شوان محمد صابر**

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

shwanemame@yahoo.com

**پ.ی.د. زریان سالار حاجی**

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

zryan.hama@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ مەبەستی دیاریکردنی شوێنی جوگرافیایی و مێژوویی(قەڵای کان – خفتیزکان) جێبەجێکراوە. ناوی ئەم قەڵایە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە چەند جۆرێک هاتووە وەک؛ قەڵای «خفتیزکان» و قەڵای «ئەجێندکان»و قەڵای «خفتیان». گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە دەربارەی قەڵایەکی شوێنەوارییە، لە قۆناغێکی گرنگی مێژوویی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە ناوچەیەکی دێرینی کوردستان دا کە شارەزوورە، لە سنووری کارگێڕی چەمچەماڵ لە نزیك گوندی گۆپتەپە دروستکراوە. لە پێشتردا، هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیایی لەسەر ئەم قەڵایە نەکراوە، بۆی پشتبەستراوە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی کتێبخانەیی و ڕێبازی لێکۆڵینەوەیی بەراوردکاریی، بە گەڕانەوە بۆ زانیاریی نێو سەرچاوەکان و تۆمارە مێژووییەکان، کە پەیوەندییدارن بە سنووری جوگرافییایی توێژینەوەکە و جۆری شوێنە شوێنەوارییەکە. لەم سۆنگەیەوە لە وردەکاریی تیۆریی دا، زانیاریی نێو سەرچاوەکان کە دەربارەی ناو و شوێنی جوگرافیایی و مێژووی قەڵاکە و پێکهاتەکەی دارێژراوەتەوە و، بەکارهێنراوە لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ پاشماوە بیناسازییە جێماوەکانی ئێستای قەڵاکە. پاشان بەشێکی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانیی سەردانی پاشماوە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کانە»ی کردووە، بە ئامانجی بنکۆڵکردنی تایبەتمەندییەکانی بیناسازیی قەڵاکە وەک هێڵکاریی و کەرەستە بەکارهاتووەکانی تەلارسازیی و شوێنی جوگرافییایی قەڵاکە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ساغکردنەوەی ئەو بۆچوونە کە قەڵای خفتیزکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەمان قەڵای «کان» بێت، کە ئێستا پاشماوە شوێنەوارییەکانی ماونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست، کە بۆ سەردەمی میر سورخابی کوڕی میر بەدری حوسنەویی دەگەڕێتەوە.

**کلییلە وشەکان: قەڵای کان- خفتیزکان، شارەزوور، میر سورخاب، سەدەکانی ناوەڕاست.**

Recieved: 29/6/2022
Accepted: 16/8/2022

# پێشەکیی:

لێکۆڵینـەوە شوێنەوارناسـییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان مێژوویێکـی زۆر کۆنیـان نییـە و، پـاش کردنـەوەی بەشـی شوێنەوارناسـی لـە زانکۆکانـی کوردسـتان و پێگەیاندنـی شوێنەوارناسـانی ناوخۆیـی، دەسـتکراوە بـە توێژینـەوە و بنکۆڵـی پاشـماوە شـوێنەوارییەکان، لـە سـنووری جوگرافیایـی کوردسـتانی باشـوور، کـە چەندیـن پاشـماوەی شـوێنەواریی گرنـگ و بەڵگـە بەجێماوەکانـی چەرخـە مێژووییەکانـی تێدایـە( برادۆسـتی: ٢٠١٨، ل ٨ و ١٠). پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی مرۆڤـی کوردسـتان بـۆ کۆمەڵێـك سـەردەمی جیـاواز دەگەڕێنـەوە، لـە چاخـە بەردینەکانـی پێـش مێـژوو هەتـا دەگاتـە قۆناغـی نیشـتەجێبوون و شارنشـیینی، پاشـان سـەردەمی زایینـی و دواتریـش سـەردەمی ئیسـلامیی و دەرکەوتنـی میرنشـیین و دەسـەڵاتە کوردییەکان(نقشـبەندی:٢٠١١، ل٢٩و ٣٠).

بارودۆخـی ناجێگـری کوردسـتان و بەردەوامبوونـی ناکۆکیـی سیاسـیی و شـەڕ و ئـاژاوە لـە ناوچەکـەدا، هۆکاربـووە بـۆ ئـەوەی بەشـێکی زۆری شـوێنەوارە مێژووییـەکان زیانیـان بەربکەوێـت، هەروەهـا بەشێکیشـیان لـە شـوێنی دوورەدەسـت و ناوچـە سـنوورییەکاندانن کـە رەنگـە مەترسـیی مییـن یەکەمیـن گرفتـی لـە بـەردەم بەجێهێنانـی توێژینـەوە درووسـتکردبێت، بـەڵام بەشـێکی بـاش لـە شـوێنەوارە مێژووییـەکان لەلایـەن شوێنەوارناسـانی کوردسـتانەوە، پاڵپشـت بـە نـوسراوە مێژووییـەکان و ئـەو هەڵکۆڵینـە شوێنەوارناسـییانەی کـە بەجێهێـنراون، مێژوویـان روونبووەتـەوە و، بەشـێکی تـری زۆریـش هێشـتا کاریـان لەسـەرنەکراوە(غفور:٢٠١٦، ل٢٥٢).

ناوچـەی شـارەزوور وەك یەکێـك لـە گرنگتریـن ناوچەکانـی کوردسـتانی باشـوور، بـە درێژایـی چاخـە کۆنـەکان جێگـەی ژیـان بـووە، ئەمـەش وایکـردووە ژمارەیەکـی زۆر پاشـماوەی شوێنەوارناسـیی لـە شـارەزووردا بەجێبمێنـن لـە چاخـی ئیسـلامیی دا، بـە دیاریکراوییـش لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت کـە قۆناغێکـی گرنگـی شارسـتانێتیی و دەرکەوتنـی میرایەتیـی و دەسـەڵاتە کوردییەکانە(زەکـی: ١٩٣٩، ل٥ و٦). قـەڵا لـە مێـژوودا پێگـە و کاریگـەری گرنگـی هەبـووە لەسـەر هێـز و توانـا و دەسـەڵاداریتی فەرمانڕەوایـان، لـە رووی هێزیـی سـەربازیی و پێگـەی سیاسـییەوە لـە شارەزووریشـدا ژمارەیەکـی زۆر پاشـماوەی بیناسـازیی قـەڵای مێژوویـی ماونەتـەوە، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت و سـەردەمی مێژوویـی ئیسـلامییدا(عزاوی: ٢٠٠٠،ل ١١٢).

ساغکردنەوەی مێژوویی شوێنە شوێنەوارییەکان لە زانستیی شوێنەوارناسییدا کارێکی زانستیی وردە، پشتەبەستێت بـە تۆمـارە نـووسراوەکان و لێکۆڵینـەوە زانسـتییە شوێنەوارناسـییەکان، پاشـان شرۆڤـە و هەڵسـەنگاندنی بەڵگـە و پاشـماوە شـوێنەوارییە بەجێماوەکانـی شـوێنە مێژووییـەکان، هەروەهـا سـوودوەرگرتن لـە ئەنجامـی ئـەو راپۆرتـە زانسـتییانەی پـاش هەڵکۆڵینێکـی شوێنەوارناسـییانە لـە شـوێنە مێژووییـەکان تۆماردەکرێـن. بەمشـێوەیە، دەکرێـت بۆچونێکـی زانسـتیی یـان روونکردنەوەیەکـی مێژوویـی بدرێـت لەسـەر شـوێنێکی شـوێنەواریی(زراعی: ١٣٩٢،ل٥٠بـۆ٥١).

لـەم سـۆنگەیەوە، پۆلێنکـردن و جیاکردنـەوە و ناسـینەوەی پاشـماوە و بەڵگـە شـوێنەوارییەکان، بەشـێکی تـری کاری زانسـتیی لێکۆڵینـەوە شوێنەوارناسـییەکانە، بەتایبـەت پاشـماوەیی تەلارسـازییەکان، کـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر هێڵکاریـی و تایبەتمەندییـە بیناسـازییەکانی شـوێنە مێژوویـی و شـوێنەوارییەکان دەکرێـت، بەمشـێوەیە دەبـن بـە بەڵگـەی بەردەسـت بـۆ جیاکردنـەوەی تەلارسـازیی قەڵایـەك لـە تەلارسـازیی کۆشـکێك یـان خانێـك یـان بیناسـازیێکی ئایینیـی یـان خزمەتگوزاریـی چەرخـە مێژووییەکان(انصـاری: ١٣٩٨، ل ٣٩ بـۆ ٤٠).

لـەم توێژینەوەیـەدا، لەبـەر نەبوونـی هییـچ لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتیی لەسـەر قـەڵای «کان» و، هەروەهـا

هەڵکۆڵینێکـی شوێنەوارناسـییانهی ئـەم قەڵایـە، پشتبەسـتراوە بـە ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی کتێبخانەیـی و گەڕانـەوە بـۆ زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان و تۆمـارە مێژووییـەکان، کـە پەیوەندییـدارن بـە سـنووری جوگرافییایـی توێژینەوەکـە و جـۆری شـوێنە شـوێنەوارییەکە، ئەویـش قەڵایەکـی مێژووییـە.

ڕوونکردنـەوەی قۆناغـی مێژوویـی توێژینەوەکـە، و دیاریکردنـی سـنووری جوگرافییایـی توێژینەوەکـە، دەروازەی وەڵامدانـەوە و گەیشـتن بـە ئامانجـی سـەرەکیی توێژینەوەکـە ئاسـانتر دەکات، بـە نموونـە مەبەسـت لـە شـارەزووری سـەدەکانی ناوەڕاسـت چییـە، هەروەهـا ناسـینەوەی تایبەتمەندییەکانـی قەڵایەکـی مێژوویـی. بـۆ زیاتـر ئاشـنابوون لـە بیناسـازیی قـەڵای «کان» کـە ئامانجـی توێژینەوەکەیـە، پاشـان بـە پشتبەسـتن بـە ڕێبـازی لێکۆڵینەوەیـی بەراوردکاریـی، زانیارییـە بەدەسـتهاتووەکانی نێـو تۆمـارە مێژووییـەکان بەراوردکـراون لەگـەڵ لێکۆڵینـەوە مەیدانییـەکان، کـە لەسـەر پاشـماوە و بەڵگـە شـوێنەوارییەکانی قـەڵای «کان» کـراون، ئـەم بەراوردکردنـەش پشتەبەسـتێت بـەو شـێوە توێژینـەوە زانسـتییانەی کـە دەربـارەی چۆنییەتـی سـاغکردنەوەی مێـژووی ناڕوونـی شـوێنێکی شـوێنەواریی جێبەجێکـراون، بـۆ ڕیزبەندیـی و چۆنێتیـی دانـان و باسـکردن و شـیکردنەوەی بەشـە سـەرەکییەکانی توێژینەوەکـە.

توێژینەوەکـە لـە سـێ بەشـی سـەرەکیی پێکدێـت، لـە بەشـی یەکەمـدا بـاس لـەو توێژینـەوە و تۆمـارە مێژووییانـە کـراوە، کـە هاوشـێوەی ئـەم توێژینەوەیـە کاریانکـردووە بـۆ ڕوونکردنـەوە و سـاغکردنەوەی مێژوویـی شـوێنێکی شـوێنەواریی، لـە بەشـی دووەمـدا بـاس لـە نـاو و مێـژوو و جوگرافیایـی قەڵاکـە کـراوە، پاڵپشـت بـە زانیارییـە کتێبخانەییـەکان و تۆمـارە مێژووییـەکان، لـە بەشـی سـێیەمدا لایەنـی مەیدانـی توێژینەوەکـە ڕوونکراوەتـەوە، شـوێنی جوگرافییایـی ئێسـتەی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵاکـە خراوەتـەڕوو، هەروەهـا پێگـە و پێکهاتـە و ئەنـدازە و هێڵکاریـی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵاکـە بنکۆڵکـراوە، لـە کۆتایشـدا ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکان باسـکراون.

## بەشی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو.

بـۆ سـاغکردنەوە و پێچۆریـی شـوێنەوارەکان، کـە بایەخـی زانسـتیی و تێبینـی ورد بـدەن بـۆ سـاغکردنەوەی مێـژووی قەڵایەکـی شـوێنەواریی، چەنـد توێژینەوەیـەک دەستنیشـانکراون لێـرەدا، کـە شـایانی بەسـەرکردنەوە و دەرکێشـانی خاڵـە سـەرەکییە پێوەندییدارەکانیەتیـی. بـەوەی ئـەم توێژینەوانـە زانسـتییانە کاریـان لەسـەر سـۆراغی مێژوویـی جێگـە شـوێنەوارییەکان کـردووە، ڕێنیشـاندەری ئـەم توێژینەوەیـە بـوون. ئەوانیـش:

### -توێژینەوەی: اویس کیخا زهره - کاوش حسنعلی ١٣٩٤هەتاوی.

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و مەیدانییـە، ناونیشـانی توێژینەوەکـە بریتییـە لە(قلعـە رسـتم، بزرگتریـن قلعـە باقـی مانـدە دوران اسـلامی سیسـتان)؛ ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵیـداوە مێـژووی یەکێـك لـە گەورەتریـن قەڵاکانـی دەورانـی ئیسـلامیی ناوچـەی سیسـتان ڕوونبکاتـەوە، لەسـەر بنەمـای زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان و پاشـان بەراوردکردنـی زانیارییـەکان بـە بەڵگـە و پاشـماوە بیناسـازییەکانی قـەڵای رۆسـتەم، لێکۆڵینەوەکـردن لەسـەر ئەنـدازە و پێکهاتـە و تەلارسـازییە بەجێمـاوەکان، بـۆ دەستنیشـانکردنی مێـژووی سـەردەمی بنیاتنانـی قەڵاکـە و کاریگەریـی و پێگـەی ئـەم شـوێنەوارە مێژووییـە لـە سـەردەمی خۆیـدا.

**-توێژینەوەی: شهسواری - رضا ١٣٨٩هەتاوی.**

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و بەراوردکاریـی و مەیدانییـە، بەناونیشـانی(جغرافیای تاریخـی سرزمیـن رودبـار جنـوب در دوران اسـلامی و مطالعـە یکـی از مـکان هـای باسـتانی متعلـق بـە ایـن دوره: قلعـە خـرق - قلعـە دخـتر تمـب خـرگ)؛ ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵیـداوە نـاو و مێـژووی یەکێـك لـە قـەڵا شـوێنەوارییەکانی ناوچـەی رووبـاری باشـوور روونبکاتـەوە لـە باشـووری وڵاتـی ئێـران، بـەراوردی نـاوی قەڵاکـە لـە نێـو سـەرچاوە مێژووییـەکان بـکات بـە نـاوی ئێسـتەی قەڵاکـە، کـە ئێسـتە پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵاکـە بـە قـەڵای «خـرق»، ناودەبرێـن و، لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا بـە قـەڵای «خـرگ» ناوهێـنراوە.١

**-توێژینەوەی: امیر صادق ١٣٩٠هەتاوی.**

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و مەیدانییـە، بەناونیشـانی(گرزارش فصـل اول کاوش در تپـە علـی یـوردر، صائیـن قلعـە - اسـتان زنجـان)؛ ئـەم توێژینەوەیـە یەکێکـە لـە توێژینـەوە گرنگەکانـی زانسـتیی شوێنەوارناسـیی، هەوڵیـداوە مێـژووی شـوێنێکی شـوێنەواریی روونبکاتـەوە بەنـاووی صائیـن قـەڵا، لـە پارێـزگای زنجـان لـە کۆمـاری ئێـران، جیـاوازی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە زانیاریـی نێـو سـەرچاوە مێژووییەکانـی بـەراورد کـردووە، بـە ئەنجامـی وەرزی یەکەمـی هەڵکۆڵینێکـی شوێنەوارناسـییانە لـە گـردی عەلـی یـورد، کـە پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵای(صائیـن قلعـە) یـە، بـەم شـێوەیە گرنگـی بەجێهێنانـی هەڵکۆڵینـی شوێنەوارناسـییانە پیشـاندەدات، لـە یەکلایکردنـەوەی بۆچوونـە زانسـتییەکانی دیاریکردنـی مێـژووی شـوێنەوارێکی مێژوویـی.

ئـەم توێژینەوانـە بـوو-ون بـە سـەرچاوەیەکی بـاش بـۆ لێکۆڵـەر، وە رێنیشـاندەرێکی زانسـتیی بـۆ چۆنییەتـی دارشـتنی پلانـی توێژینەوەکـە و رێگاکانـی چۆنێتیـی دیاریکـردن و ساغکردنەوەی مێژوویـی شـوێنێکی شـوێنەواریی، هەروەهـا دەستنیشـانکردنی میتـۆدی توێژینەوەکـە لـە ئەنجامـی بەراوردکردنـی ئـەم توێژینەوەیـە لەگـەڵ میتـۆدی ئـەم توێژینەوانـەی پێشـووتردا، کـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و مەیدانییـە و بەراوردکردنـی زانیارییـەکان بـە بەڵگـە و پاشـماوە شـوێنەوارییە بەجێماوەکانـی شـوێنە شـوێنەوارییەکان.

# بەشی دووەم: ناو و مێژوو و جوگرافییایی قەڵای خفتیزکان-»کان«

## تەوەرەی یەکەم: ناو و مێژووی قەڵای خفتیزکان- کان.

قـەڵای خفتیـان لەلایـەن میـر سـورخاب کـوڕی میـر بـەدرەوە بنیاتـنراوە، لـە بەشـێک لـە نووسینەکانیشـدا نـاوی ئـەم قەڵایـە بـە خفتیـزکان هاتووە(حمـوی: ١٩٩٥، ج٢، ل٣٨٠)، هەروەهادەوترێـت کـە خفتیـان نـاوی دوو قـەڵای گەورەیـە، یەکەمینیـان لەسـەر رێـگای مەراغەیـە بـۆ هەولێـر، دووەمینیـان لـە شـارەزوورە و بـە قـەڵای سـورخاب بەناوبانگە(ابـن عبـد الحـق: ١٤١٢، ج١، ل٤٧٥).

هەرچەنـد رایەکـی تریـش هەیـە کـە دەڵێـت: قـەڵای خفتیـان لەگـەڵ ناوچـەی خفتیـان جیـاوازە، لـە نزیـک هەرێمـی فارسـیش ناوچەیـەک هەیـە چیـای لێیـە، بـە چیـاکانی خفتیـان بەناوبانگـە، بـەڵام دوو قەڵاشـمان هەیـە بـە نـاووی خفتیان(الزرکلـی: ٢٠٠٢، ج٦، ل٢٧٨).

مێـژوو نـووس ابـن اثیـر زۆر بـە وردیـی باسـی لـە سـاڵی چوارسـەد و نـەوەد و پێنجـی کۆچـی کـردووە و دەڵێـت: میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدری کـوڕی میـر مهلهـل توانیـی کۆنترۆڵـی قـەڵای خفتیـزکان بکاتـەوە، پاشـئەوەی لەلایـەن

هـۆزی قڕابلییەکانـەوە کـە هۆزێکـی تـورک بـوون قەڵاکەیـان لـە میـر سـورخاب داگیرکردبـوو، پـاش کوشـتارێکی زۆر و گەڕانـەوەی میـر بـەدر بـۆ نێـوو کـوردەکان و پاشـان لـە شـارەزوورەوە خـۆی ئامادەکـردەوە بـۆ گرتنـەوەی قەڵاکـە، چونکـە ئـەم قەڵایـە یەکێـک بـوو لـە قـەڵا گرنگـەکانی شـارەزوور، شـارەزوور بەهـۆی ئـەم قەڵایـەوە داهاتێکـی زۆر بـە دەسـتدەهێنێت، هەرئەمـەش وایکـرد بـۆ گرتنـەوەی ئـەم قەڵایـە کوشـتارێکی زۆر رووبدات(ابـن اثیـر: ١٩٩٧،ج٨، ل٤٧٦).

هەروەهـا لـە رووداوەکانی سـاڵی پێنـج سـەد و هەشـتا و شـەش لـە سـەردەمی ئەتابەکییـەکان و هاوکاتـی سـەردەمی سـوڵتان موزەفەرالدیـن، قـەڵای خفتیـزکان ئـاوەدان بـووە، سـوڵتان موزەفەرالدیـن داوای لـە میریـی قەڵاکـە کـردووە شــارەزوور بخاتــە ســنووری دەســەڵاتەکەیەوە(ابن اثیــر: ١٩٩٧، ج١٠، ل٨٨).

مێژوونـووس ابـن الفوطـی دەڵێـت: خفتیـان قەڵایەکـە لەلایـەن میـر سـورخابی کـوڕی بـەدری کوردییـەوە بنیاتـنراوە، ئـەم قەڵایـە بـە قـەڵای خفتیـزکان ناودەبرێت(ابـن فوطـی: ١٤١٦، ج١، ل٢٤٦).

مێژوونـووس مەقدیسـی دەڵێـت: لـە سـەردەمی سـوڵتان موزەفەرالدیـن حاکمـی قـەڵای خفتیـان ناوچەکـەی خسـتە بەردەسـت سـوڵتان موزەفەرالدیـن، بەمشـێوەیەش دەروازەی کۆنترۆڵکـردنی شـارەزوور دەسـتپێکرد لـە قـەڵای خفتیـان، چونکـە ئـەم قەڵایـە لـە نێـوان هەولێـر و شـارەزووردا بوو(مقدیـسی: ١٩٩٧، ج٤، ل١٦٩).

مێژوونووسـی کـورد شـەرەفخانی بەدلیسـی لـە کتێبـی شـەرەفنامەدا بـە وردیـی بـاسی رووداوەکانـی پـاش هاتنـی تورکـە سـەلجوقییەکان دەکات بـۆ شـارەزوور، لـە کاتی فەرمانڕەوایەتـی میرایەتـی حوسـنەوییە کـوردەکان دەڵێـت: میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدری حوسـنەوی لـە سـاڵی ٤٩٥ کۆچـی توانـی لـە شـارەزوور دەسـەڵاتی بەهێزبکاتـەوە، و بـەرەو دەوروبـەری شـارەزوور بەڕێبکەوێـت بـۆ رێکخسـتنەوەی دەسـەڵاتەکەی، قـەڵای جقنـدکانی گرتـەوە کـە بـۆ ماوەیـەک بـوو لـە دەسـت میرنشـینی حوسـنەوی سـەندرابووەوە، ئـەم قەڵایـە سـوودێکی زۆری بـۆ میـر سـورخاب هەبـوو، مـاڵ و کەرەسـتەیەکی زۆری لـەم قەڵایـە داناوە(بدلیـسی: ١٣٧٧، ل٢٣).

مێژوونـووس محسـن محمـد دەڵێـت: خفتیـزکان قەڵایەکـە لـە دەوروبـەری هەولێـر لەسـەر رێـگای هەولێر شـارەزوور لـە کەنـاری رووبـاری زێ، بـۆ سـەردەمی میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدر دەگەڕێتەوە(محسـن محمـد: ١٩٧٦، ج٢، ل٩٣)، مێژوونـووس بەشـیر فرنسـیس بـە هەمـان شـێوە بـاسی قـەڵای خفتیـان دەکات وەك قەڵایەکـی سـەربازیی میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدر لـە دەوروبـەری هەولێـر لەسـەر رێگـەی نێـوان هەولێـر و شارەزوور(فرنسـیس: ٢٠١٧، ج٢، ل١١٠٧).

مێژوونووسـی عێراقـی قـداوی دەڵێـت: لـە سـەروبەندی هاتنـی بنەماڵـەی قەرەقونیلـۆ بـۆ کوردسـتان لـە سـەردەمی شـاە عـلی حاجیلـۆ قەرەقۆنیلۆیـی، کـە ئـەوکات حاکمـی شـاری سـنجار دەبێـت، بـە ئاڕاسـتەی باکـووری خۆرئـاوای ئێسـتای عێـراق دەکەوێتـە رێگـە، بـە مەبەسـتی کۆنترۆڵکـردنی ناوچەکـە، بـەم بۆنەیەشـەوە خەلیـل ئاغـا دەنێرێـت و ناوچەکـە کۆنتـرۆڵ دەکـەن، و شـازادە مەقصـود بەگـی کـوڕی حوسـێن بـەگ دەنێرێتە سـەر قـەڵای خفتیان، بـە ئامانجی داگیرکـردنی، بەمشـێوەیە ئـەوە روونـدەبێتـەوە لـە سـەدەی نـۆی کۆچـی قـەڵای خفتیـان ئـاوەدان بووە(قـداوی: ٢٠١٢، ل١٥٠).

مێژوونـووس عـماد عبدالسـلام دەڵێـت: ئـەم قەڵایـە لـە کاتی هێرشـی هۆلاکـۆ بـۆ سـەر ناوچەکـە وەك یەکێـك لـەو قەڵایانـە ناوبـراوە کـە داگیرکـراوە، ئامـاژە بـە ئاوەدانـی قەڵاکـە کـراوە و نـاوی خفتیـان بـووە، سـوپای مەغـۆل کۆنترۆڵی کردووە(عـماد عبدالسـلام: ٢٠١٢، ل١٦٩).

نووسـەر لەیـلان دەڵێـت: ئـەوی روونـە مێـژووی ئـەم قەڵایـە لـە سـەردەمی میـر سـورخاب کـوڕی میـر بـەدر بنیاتینـاوە، و ئـەم قەڵایـە نـاووی قـەڵای خفتیزکانە(لەیـلان: ٢٠١٠، ل١١١)، بـەڵام سـەروەر ئەحمـەد دەڵێـت: قـەڵای «کان» وەك یەکێـک لـە قـەڵاکانی سـنووری ئێسـتەی چەمچەمـاڵ، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی چاخـی ئیسـلامیی و قەڵایەکـی سەربازییە(سـەروەر ئەحمـەد کەریـم: ٢٠٠٣، ل٤٧).

لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا نـاوی ئـەم قەڵایـەی نێـوان هەولێـر و شـارەزوور بـە شـێوەی جیـاواز هاتـووە، وەك(خفتیـان، خفتیـزکان، جقنـدکان)، ئـەوەی روونده‌بێتـەوە ئـەم قەڵایـە لـە روانگەیـی ناوهێنانـەوە تـا رادەیـەك ناوەکانـی لـە یەکـەوە نزیکـن، هـۆکاری ئەمـەش کـەوا ناوەکـە گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، نووسـەرەکانی مێـژوو لـە کـورد و فـارس و تـورک و عـەرەب پێکهاتـوون، ئەمـەش لـە رووی دەربڕیـن و شـێوەیی نووسـینەوەی ناوەکـە گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، مێـژووی قەڵاکـەش بـۆ سـەدەی پێنجـی کۆچـی دەگەڕێتـەوە، لەلایـەن میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدری حوسـنەوییەوە بنیاتـنراوە، وەك یەکێـک لـە قـەڵا سـەربازیی و ئابووریـە گرنگـەکانی میرنشـینی حوسـنەویی.

بۆچوونـی ئـەم توێژینەوەیـە دەربـارەی نـاو و مێـژووی ئـەم قەڵایـە، کـە لـە بەشـی سـێیەمدا بـە روونـی خراوەتـەروو، کـە قـەڵای خفتیـزکان و قـەڵای خفتیـان و قـەڵای ئەجێنـدکان؛ سـێ نـاوی جیـاوازن بـۆ یـەك قـەڵا، کـە ئێسـتە پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی ئـەو قەڵایـە پێیـان دەوترێـت قـەڵای «کان»، کـە لـە سـەردەمی میـر سـورخاب کـوڕی میـر بـەدری حوسـنەویی بنیاتـنراوە.

## تەوەری دووەم: شوێنی جوگرافیی قەڵاکە.

مێژوونـووس یاقـوتی حەمەویـی دەڵێـت: خفتیـان قەڵایەکـی گەورەیـە و لـە بەرزایـی گردێکـە لـە کەنـاری رووبارێـك درووسـتکراوە، ئـەم قەڵایـە لـە شـارەزوورە، لەسـەر رێگـەی نێـوان شـارەزوور بـۆ هەولێر(حمـوی: ١٩٩٥، ج٢، ل٣٨٠)، ئەحمـەد رەضـاش دەڵێـت: خفتیـان قەڵایەکـە لـە سـنووری هەولێر(احمـد رەزا: ١٩٥٨، ج٢، ل٣٠٤)، ابـن عبدلحـق دەڵێـت: خفتیـان نـاوی دوو قـەڵای گەورەیـە، یەکەمینیـان لەسـەر رێـگای مەراغەیـە بـۆ هەولێـر، دووەمینیـان لـە شـارەزوورە و بـە قـەڵای سـورخاب بەناووبانگـە و لەسـەر رێـگای هەولێـر شـارەزوورە، بـەڵام ئـەم قەڵایەیـان گەورەتـرە، لـە بەرزایـی تەپۆڵکەیـەک بنیاتـنراوە، رووبارێـکی گـەورە بـە کەناریـدا تێپەڕدەبێت(ابـن عبـد الحـق: ١٤١٢، ج١، ل٤٧٥).

نووسـەر و مێژوونووسـی عەرەبی(العمـری) قـەڵای خفتیـان بـە یەکێـک لـە قـەڵاکانی دەوروبەریـی هەولێـر ناودەبـات لەسـەر رێگـەی شـارەزوور(العمری: ١٤٢٣، ج٣، ل٢٦٥)، مێژوونـووس ابـن الفوطـی دەڵێـت: خفتیـان قەڵایەکـە لـە دەوروبەریـی هەولێـر بـە ئاڕاسـتەی شـارەزوور، قەڵایەکـە لـە کەنـاری رووبـاری زێیـە، قەڵاکـە خـاوەنی «حەوشـە» گۆڕەپانێکـی فراوانـە و شـوورای هەیە(ابـن فوطـی: ١٤١٦، ج١، ل٢٤٦).

ئـەم قەڵایـە پاڵپشـت بـە سـەرچاوە مێژووییـەکان لـە نێـوان هەولێـر و شـارەزوورە، لـە کەنـاری زێـی بچـووك لـە نزیک هەولێـر بنیاتـنراوە. ئـەوەی کـە جێگـەی سـەرنجە لازاریـف لـە بـاسی جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی سـەردەمی سـەلجوقیی دەڵێـت: شـارەزوور سـەر بـە هەرێمـی ناوچـە کوردنشـینەکانە و خفتیانیـش سـەر بـە شـارەزوورە لـە سـنووری خۆرئاوایدا(لازاریـف: ٢٠٠٨، ل٤٩). کەواتـە خفتیـان دەکەوێتـە سـنوورەکانی خۆرئـاوای شـارەزوور، پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی ئێسـتەی قـەڵای «کان»یـش دەکەونـە خۆرئـاوای شـارەزوور لـە کەناریـی زێـی بچـووك.

جوگرافیـای شـارەزوور لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت پاڵپشـت بـە سـەرچاوە کۆنـەکان بـەم شـێوەیە بـووە، مێژوونـووس

ابــن رســتە دەڵێــت: شــارەزوور ناوچەیەکــی فراوانــە و ســنووره جوگرافیاییەکــەی ســەر بــە هەرێمــی چیاکانــە، بــەڵام لــە رووی کارگێڕییــەوە ســەر بــە ناوچــەی موصڵــە، دەکەوێتــە نێــوان هەرێمــی چیــاکان و هەرێمــی موصڵ(ابــن رســتە: ١٨٩٢، ل٣١٤). مێژوونــووس ابــن واصــل دەڵێــت: لــە رووی جوگرافییــەوە شــارەزوور کورەیەکــی فراوانــە، ســەر بــە هەرێمــی چیاکانــە، دەکەوێتــە نێــوان ناوچــەی هەمــەدان و هەولێر(ابنواصــل: ١٩٥٧، ج١، ل٨٤).

کــورە: واتــە شــار و ئاوەدانییــکی فــراوان، کــورە ناوچەیەکــی فراوانــە، مــاڵ و شــوێنی نیشــتەجێبوونی زۆری لێیــە، رێــگای بەیــەک گەیانــدنی گونــد و ئاوەدانییەکانــە، ناوەنــدی کۆمەڵێــك گونــد و شــوێنی نیشــتەجێ بــوون و ئاوەدانــی زۆرە(المعجـم الوسـیت: ٢٠٠٤، ل٨٠٤)، کـورە واتـە شـوێنێکی فـراوان بـۆ کۆمەڵێـك نشـینگە و ئاوەدانییـە، چەنـد شـار و شـارۆچکە و گوندێـك لـە خۆدەگرێت(مقدیـسی: ١٩٩٧، ل٤٢٢)، کـورەکان لەبـەر ئـەوەی فراوانبـوون، ناوەنـدی کـورەکان بـە قەصەبـە ناودەبـران، لەبەرئەمـەش زۆرجـار بـە کـورەکان وتـراوە قەصەبە(اسـتخری: ٢٠٠٤، ل٩٧).

مەبەســت لــە هەرێمــی چیاکانیــش بریتییــە لــە هەرێمێکــی ســنووری دەســەڵاداریتیی موســڵمانان، جوگرافیاناســە موسـڵمانەکان بـەم هەرێمەیـان وتووە(اقلیـم جبـال) هەرێمـی چیـاکان، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو سرووشـتە شـاخاوییەیی کـە زۆربـەی ناوچـەکانی ئـەم هەرێمـەی گرتووەتـەوە، لـە سـەدەی شـەشی کۆچـی و دوانـزەی زایینیـی، لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان نـاوی ئـەم هەرێمـە گـۆڕدراوە بـە هەرێمـی عێراقـی عەجەمیی(زریـان حاجـی: ٢٠١٧، ل٣٧). بـۆ زیاتـر روونبوونـەوەی سـنووری هەرێمـی چیـاکان بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە(١) لـە پاشـکۆی وێنـەکان.

هەرێمــی چــوارەم بــە هەرێمــی چیاکانیــش ناودەبرێــت، دەکەوێتــە باکــووری عێــراق لــە ناوچــەی عێراقــی عەجـەم؛ زۆربـەی سـەرزەویی هەرێمـی چـوارەم ناوچـەی شـاخاوییە، ناوچـە کوردنشـینەکانیش دەکەونـە هەرێمـی چوارەمەوە(ابـن عسـاکر: ١٩٩٥، ج١، ل١٩٣)، بـە وردیـی مەبەسـت لـە هەرێمـی چیـا ئـەو ناوچـە فراوانەیـە کەوتووەتـە خۆرهەڵاتــی ناوچــەکانی خوراســان و ئەســفەهان و فــارس و باکــووری خۆرهەڵاتــی خوزســتان، لــە باکووریشــیەوە ناوچـەکانی دەیلـەم و قەزویـن و رەی؛ لـە باشووریشـەوە ناوچـەکانی عێـراق و خووزسـتان دەوریانداوە(ئەنـوەر: ٢٠١٥، ل١٨). بڕواننــە پاشــکۆی نەخشــەکان، نەخشــەی ژمــارە(٢) ســنووری جوگرافیایــی هەرێمــی چیــاکان.

هەروەهـا مەبەسـت لـە هەرێمـی موصڵیـش بریتـی بـووە لـە شـاری موصـڵ کـە شـارێکی کۆنـە، کەوتووەتـە باکـووری خاڵــی بەیەکگەشــتنی هــەردوو رووبــاری دیجلــە لەگــەڵ زێــی ســەرووەدا(دۆن نــاردۆن: ٢٠٠٨، ل٣٩)، رۆژگارێکیــش ناوەنـدی فەرمانڕەواییەتـی ئاشـوورییەکان بـووە و پێیوتـراوە نەینـەوا؛ دواتـر لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان دەبێتـە ویلایـەت و شـاری موصـڵ ناوەنـدی ویلایەتەکـە دەبێـت، شـارەکانی بریتـی بـوون لـە موصـڵ و هەولێـر و سـلێمانی و کەرکـووک و سـنجار و عەفـار و عەمادیـە و رەوانـدز و کفـری و صەلاحیـە و گوڵعەنبـەر، کـە گوڵعەنبـەر خورماڵیشـی پێدەگوترێــت لــە کەنــاری رۆژهەڵاتــی دەشــتی شــارەزوور(ئایەتوڵا مــەردۆخ: ٢٠١١، ب١، ل٦٢و٦٣).

مەبەسـت لـە هەولێـر: شـارێکی مێژوویـی دێرینـە، سـەردەمی سـۆمەری و ئاشـوورییەکان نـاووی هەبـووە، پایتەختـی ئایینیـی ئاشـوورییەکان بـووە، لـە هـەزارەی سـێیەمی پێـش میلادیـش بـارەگای پادشـاکانی سـەردەم بـووە، نـاوە کۆنەکەی ئەربائیلـۆ بـووە، ئێسـتا پێـی دەوترێـت هەولێـر، شـوێنی جوگرافییایـی لـە ٣٦ پلـەی باکـوور و٤٤پلـەی رۆژهەڵاتـە، ئـەم شـارە لـە نێـوان زێـی سـەروو و زێـی خوارووەدایـە، لـە دەشـتاییە بـە پیتەکانیـدا هەڵکەوتووە(قەرەداغـی: ٢٠٠٤، ل٢٤٤).

هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی هەولێـر وایکـردووە پێگەکـەی گرنگبێـت، لـە سـەردەمی ئیسـلامیش وەک شـارێکی گرنـگ و بازرگانــی، رۆڵــی هەبــووە لــە نێــوان حەلــەب و موصــڵ و شــارەزوور و، خــاوەنی بــازاڕ و خــان و قەیســەریی و

دامــەزراوەی میریــی بووە(دەرگەڵەیــی: ٢٠٠٢، ل١٩).

مێـژوو نووسـی کـورد ابـن مسـتەوفی سـنووری شـارەزوور بـە ویلایەتـی شـارەزوور ناودەبـات، بەتایبـەت لـە سـەردەمی سـوڵتان موزەفرالدیـن کۆکەبـەری و دەڵێـت: ویلایـەتی شـارەزوور کەوتـە دەسـت سـوڵتان موزەفەرالدیـن و سـنووری تـا زێـی بچـوک فـراوان بوو(ابـن مسـتەوفی:١٩٨٠، ج٢، ل٥٥٣).

دیمشــقی دەڵێــت: جوگرافییایــی شــارەزوور گونجــاوە بــۆ ژیــان، دەشــتێکی فــراوان و ئــاوی ســەرزەویی و ژێــر زەوییشــی هەیــە، زێــی خــواروو لــە نــاو چیــاکانی شــارەزوورەوە هەڵدەقوڵێــت و لــە نێــوان هەولێــر و داقــوق دا تێپەڕدەبێت(دیمشــقی: ١٩٩٣، ج٤، ل٢٥٨).

مێــژوو نــووس یاقــوتی حەمــەوی جوگرافیــای شــارەزووری بــە وردیــی باســکردووە، بەمشــێوەیە: شــارەزوور ســەر بــە هەرێمــی چوارەمــە و درێژیــی شــارەزوور حەفتــا و ســێ نمــرە و پانییەکــەشی ســی و حــەوت نمــرە و نیــوە، شــارەزوور»کورە» ناوچەیەکـی فراوانــە و دەکەوێتــە نێــوان چیــاکانی هەولێــر و هەمەدان(حمـوی: ١٩٩٥، ج٣، ل٣٧٥). بڕواننــە پاشــکۆی نەخشــەکان نەخشــەی ژمــارە(٣) شــوێنی جوگرافییایــی شــارەزوور لــە هەرێمــی چیــاکان.

لەســەر بنەمــای زانیاریــی نێــو ســەرچاوەکان، دەربــارەی جوگرافیایــی شــارەزوور لــە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا ناوچەیەکـی فراوانبـووە، تـا سـنووری هەولێـر و زێـی بچـووك، هەروەهـا قـەڵای خفتیـزکان لـە خۆرئـاوای شـارەزووردا بـووە، لـە کەنـاری زێـی بچـوك، دەبێـت پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قـەڵای خفتیـزکان لـە کەنـار زێـی بچـووك لـە خۆرئـاوای شـارەزوور بەجێمابـن لـە ئێسـتادا.

شــوێنەواری قەڵایەکــی مێژوویــی جێگــەی ســەرنجی زانســتیی توێژینەوەکەیــە، پاشــماوەی شــوێنەواری قەڵایــەك بەدیدەکرێــت بــە نــاووی قــەڵای «کان»، لــە کەناریــی زێــی بچــووك لــە بەشــی خۆرهەڵاتــی زێــی بچــووك لــە بەرزایـی گردێکـی سرووشـتیی، کـە نزیکتریـن پاشـماوەی شـوێنەواریی ناوچەکەیـە یەکسـان بێـت بـە زانیاریـی نێـو ســەرچاوەکان.

## بەشی سێیەم: بەشی کرداریی توێژینەوەکە.

### تەوەرەی یەکەم: پێچۆڕیی شوێنی جوگرافیایی و پێگەی قەڵاکە لە ئێستادا:

لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا ئـەم زانیارییـە بەدەسـتهێنراوە کـە قـەڵای خفتیـزکان لـە نێـوان هەولێـر و شـارەزووری سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لـە کەنـاری زێـی بچـووك بنیاتـنراوە، لـە ئێستاشـدا قـەڵای «کان» لـە رووی جوگرافیاییـەوە، مایـەی سـەرنجە کـە زۆر رێـی تێدەچێـت هەمـان قەڵابێـت، دەکەوێتـە سـەر زێـی بچـووک و لـە کەناریـی زێ بنیاتـنراوە، لـە خۆرهەڵاتـی رووبارەکـە بـە ئێستاشـەوە شـوێنی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قـەڵای کان کۆتـا سـنووری نێـوان پارێـزگای هەولێـر و سـلێمانییە.

جوگرافیایـی قەڵاکـە لـە ئێسـتادا بـەم شـێوەیەیە: لـە خۆرهەڵاتـی رووبـاری زێـی بچـووک هەڵکەوتـووە، قەڵاکـە لـە کەنـار رووبارەکەیـە، گونـدی گۆپتەپـە دەکەوێتـە باشـوور و خۆرئاوایـی قەڵاکـە بـە دووری چـوار کیلۆمەتـر، لـە بـەشی باشـوورییەوە گونـدی حەیدەربەگـە بـە دووریـی پێنـج کیلۆمەتـر، لـە بـەشی خۆرهەڵاتـەوە گونـدی بەڵقامیـش هەڵکەوتـووە بـە دووریـی یـەک کیلۆمەتـر، لـە بـەشی باشـوور و خۆرهەڵاتیـدا گونـدی عەسـکەر هەڵکەوتـووە بـە دووری شـەش کیلۆمەتـر، بـەشی خۆرئـاوا و باکـووری خۆرئاوایـی لـە کەنـار رووبـاری زێـی بچـووك دا بنیاتـنراوە، ئـەم بەشـەی پێکدێـت لـە رۆخـی زێـی بچـووك، ئـەم قەڵایـە دەکەوێتـە بەشـی باکـوری قـەزای چەمچەمـاڵ بـە دووری

سـی و هەشـت کیلۆمەتـر، سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانییە لـە ڕووی کارگێڕییـەوە، و ئێسـتا قەڵاکـە لـە باکووری خۆرئاوای سـلێمانییە بـە دووریـی پەنجـا و حـەوت کیلۆمەتـر، بـۆ زیاتـر ڕوونبونـەوەی شـوێنی جوگرافیایـی قەڵاکـە بڕواننـە نەخشـەی ژمـارە(٤) شـوێنی جوگرافیایـی قـەڵای کان(توێـژەر).

شـوێنی جوگرافیایـی قـەڵای «کان» یەکسـانە بـە دەشـتاییەکانی نێـوان هەولێـر و شـارەزوور، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە ئـەم قەڵایـە دەکەوێتـە باکـوور و خۆرئـاوای سـەنتەری شـارەزوور، ئەگـەر شـاری نیـم ئـەزرا (نیـوەی ڕێگـە) دیاریبکەیـن وەك ناوەنــدی شــارەزووری ســەدەکانی ناوەڕاســت، هــەروەك چــۆن گەڕیــدە و مێژوونــووس ابــو دلــف ســەدەی چــواری کۆچیــی دیاریکــردووە دەڵێــت: شــاری نیــم ئــەزرا شــارێکی گەورەیــە و خاوەنــی شەســت هــەزار ماڵــە و ناوەنـدی شـارەزوورە(ابودلف:١٣٥٦، ل٥٥)، شـوێنەوارەکانی ئـەم  شـارە هەشـتا و چـوار کیلۆمەتـر دوورن لـە قـەڵای «کانـە«وە، هـاوکات دەکەوێتـە باشـوور و خۆرهەڵاتـی هەولێـر بـە دووریـی هەشـتا و چـوار کیلۆمەتـر، بەمـەش یەکسـانە بـە نێـوانی هەولێـر و شـارەزوور وەك سـەرچاوەکان باسـیانکردووە، قـەڵای خفتیـزکان لـە نێـوان هەولێـر و شــارەزووردایە(توێژەر).

هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی قـەڵای «کان» یەکسـانە بـە هەمـان زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان، قـەڵای کان لـە کەنـاری ڕووبـاری زێـی بچـووك بنیاتـنراوە، واتـە لێوارەکانـی خۆرهەڵاتـی ڕووبارەکـە، بـەراورد بـە شـوێنی جوگرافییایـی شـاری هەولێـر، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە ئـەم قەڵایـە سـەر بـە شـارەزوور بـووە، یـان میـرانی شـارەزوور ئـەم قەڵایەیـان بنیاتناوە، سـەرچاوەکانیش دەڵێـن کـە خـاوەنی قەڵاکـە میـر سـورخابی میـری شـارەزوور بـووە، قەڵاکـە لـە کەنـاری زێـی بچـووك لـە ڕۆخـی ڕووبارەکـە بنیاتـنراوە، ئەمـەش یەکسـانە بـە زانیاریـی سـەرچاوە دەسـتە یەکەمـەکان، کـە باسـیان لەوەکـرد قەڵاکـە لـە کەنـاری زێ لەسـەر بەرزاییەکـی کەنارەکـە لـە بـەری خۆرهەڵاتیـدا بنیاتـنراوە، بڕواننـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنــەی ژمــارە(١) دیمەنــی بەشــی خۆرهەڵاتــی قــەڵای کان لەبــەرزی تەپێکدایە(توێــژەر).

ئەگـەر شرۆڤـەی ئـەو هۆکارانـە بکرێـت کـە بـوون بـە هـۆی هەڵبـژاردنی ئـەم شـوێنە لـە کۆنـدا دەبێـت بـۆ ئـەم مەبەسـتانە گەڕابێتنـەوە، چونکـە کۆتـا خـاڵ یـان دوورتریـن خاڵـی سـنووری شـارەزوور لەگـەڵ سـنووری شـاری هەولێـر بـووە، لـە خۆرهەڵاتـی ڕووبـاری زێـی بچووکـە و لـە ناوەنـدی ڕێگـەی شـارەزوور هەولێـرە، سـەرچاوەکان باسـیان لەوەکـرد ئـەم قەڵایـە سـوودێکی زۆری بـۆ میـر سـورخاب هەبـووە، ئـەم زانیارییـەش دەبێـت بـە مایـەی سـەرنجی زانسـتیی، بـە وردبوونـەوە لـە پێگـەی جوگرافیایـی قەڵاکـە، لـە دەشـتاییەکی فـراوان بنیاتـنراوە، هەروەهـا سـەرچاوە ئاوییـە سروشـتییە شـیرینەکانی زۆرن، لێـرەدا چەنـد بابەتێـکی گرنـگ بوونیـان هەیـە کـە بۆچـی ئـەم قەڵایـە سـوودێکی زۆری دارایـی هەبـووە بـۆ میـر سـورخاب بـەگ، بـەم شـیکردنەوانەش زیاتـر بۆچوونـی توێژینەوەکـە ڕووندەبێتـەوە، لـە ڕاسـتیی شـوێنی قـەڵای کان ی ئێسـتا و خفتیـزکان ی سـەدەکانی ناوەڕاسـت.

یەکـەم: بـوونی ڕێژەیەکـی زۆر لـە پـووش و پـاوان لـە دەوروبـەری قەڵاکـە، بەشـێوەیەک زۆر سەرنجڕاکێشـە، لـە وەرزی بەهـار و پاییزیشـدا کـە دوو وەرزی دژ بەیەکـن، لـە هـەردوو وەرزەکـەدا پاوانێکـی زۆر لـە دەوروبـەری ئـەم قەڵایـە دەبینرێـت، کـە ئەمـەش زۆر گونجـاوە بـۆ بەخێوکردنـی ئـاژەڵ و چاودێریکردنـی ئاژەڵـەکان لـەم ناوچەیـە، گونجاویـی شـوێنی بەخێوکردنـی ئـاژەڵ دەبێتـە هـۆکاری سـوودی ئابوریـی بـۆ لایەنـی میریـی، بڕوانـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنـەی ژمـارە(٢) دیمەنـی قـەڵای کان(توێـژەر).

دووەم: گێڕانەوەیەکـی زارەکیـی مێژوونـووس کامـەران بابـان زادە، دەڵێـت: لـە سـاڵانی هەشـتاکان لـە کاتی

کەمبوونـەوەی ئـاوی رووبـاری زێـی بچـووك، دانیشـتوانی ناوچەکـە و گونـدی گۆپتەپـە و بەڵقامیـش لـە بـەشی خۆرئـاوای قەڵاکـە، کـە دەکاتـە کەنـاری سـەر رۆخـی رووبـاری زێـی بچـووك، ژمارەیەکـی زۆر ناڵـی ئەسـپ و زیینـی ئەسـپ و کەرەسـتەی کانزایـی لـە ئاسـن درووسـتکراویان دۆزیوەتـەوە، بەشـێوەیەک مایـەی سـەرنج بـووە. ئـەم گێڕانەوەیـە لـە چوارچێـوەی مێـژووی زارەکییـە و پاڵپشـت نیـە بەهیـیـچ هەڵکۆڵینێکـی زانسـتیی شوێنەوارناسـییانە، لەبەرئـەوەی هەڵکۆڵینـی زانسـتیی لـەم قەڵایـەدا نەکـراوە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوە و دەرکەوتنـی بەڵگـەی شـوێنەواریی، بـەڵام لـە روانگـەی زانسـتیی بەراوردکارییـەوە ئەگـەر ئـەم گێڕانەوەیـە بەهەنـد وەربگیرێـت، ئـەو بۆچونـوە زانسـتییە دێتـە کایـەوە؛ ئـەم قەڵایـە وەك کێڵگەیەکـی بەخێوکـردنی ئەسـپەکانی سـوپای حوسـنەویی بووبێـت، لەبەرئـەوەی ناوچەکـە گونجـاوە و پـووش و پاوانێکـی زۆری هەیـە، بێگومـان ئەمـە تەنهـا بۆچوونێکـی زانسـتییە، بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی پێویسـت بـە ئەنجامدانـی هەڵکۆڵینـی زانسـتیی هەیـە لەسـەر قەڵاکـە، دەکرێـت ئەنجامـی هەڵکۆڵینـەکان پشتڕاسـتی بۆچوونـەکان بکەنـەوە یـان بـە پێچەوانـەوە، بـەڵام هەتـا ئێسـتا پاڵپشـت بـەو زانیارییانـەی لەبەردەسـتن، نزیکتریـن بۆچوونـە، چونکـە زۆر بەدیاریکـراوی سـەرچاوەکان ئاماژەیـان بەوەکـرد، ئـەم قەڵایـە سـودێکی ئابووریـی زۆری بـۆ میـر سـورخاب هەبـووە، و کەرەسـتە و سـەرمایەیەکی زۆری لـەم قەڵایـە دانـاوە، کـە دەکرێـت مەبەسـت لـە سـامانی ئەسـپەکانی بووبێـت.

سـێیەم: پێکهاتـە و ئەنـدازەی قەڵاکـە، لـە تەوەرەیـی دووەمـدا بـاسی لێـوە دەکرێـت، پشـتگیریی ئـەم بۆچوونـە دەکات، هێڵکاریـی قەڵاکـە گۆڕەپانێکـی گـەورە لەخۆدەگرێـت، وەك گۆڕەپانێـکی چاودێریـی یـان حەوشـەیەکی فـراوان وایـە، بـۆ چاودێرییکـردن یـان شـوێنی گرتنەخـۆی ژمارەیەکـی زۆر ئاژەڵـی بـەرزی وەك ئەسـپ.

چـوارەم: سـەرچاوەکان باسـیان لەوەکـرد ئـەم قەڵایـە سـوودێکی ئابووریـی زۆری بـۆ میـر سـورخاب و دەوڵـەتی حوسـنەویی هەبـووە، بۆیـە ئـەوە زانسـتییە کـە بوترێـت هـۆکاری ئـەوەی ئـەم قەڵایـە لـە روانگـەی ئابوورییـەوە سـودێکی زۆری هەبـووە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئـەم قەڵایـە شـوێنی بەخێوکـردن و گەورەکـردن و بەهێزکـردنی ئەسـپەکانی سـوپای میـر بـەدری حوسـنەویی بووبێـت، یـان شـێوە چاودێرییکـردن و سەرپەرشـتییکردنی کاروبـاری ئاژەڵداریـی لـەم ناوچـە دەشـتاییە فراوانـەدا، یـان لەبەرئـەوەی ئـەم قەڵایـە لەسـەر ڕێگـەی هەولێـر شـارەزوور بـووە بـۆ لایەنـی چاودێریـی و وەرگرتنـی بـاج بەکارهێنرابێـت.

### تەوەری دووەم: پێکهاتەی قەڵاکە.

قەڵاکـە لـە ئێسـتادا لـە رووی پێکهاتنـەوە، پێکدێـت لـە ریـزە دیوارێـکی بەرزیـی بەردیـن، لـە بـەشی خۆرهـەڵاتی قەڵاکـەوە ماونەتـەوە بـە ئەندازەیەکـی زۆربـاش، کـە دەکەوێتـە سـەر بەرزاییـە سرووشـتییەکەی کەنـار رووبارەکـە، وەك لـە وێنـەی ژمـارە(٣) لـە پاشـکۆی وێنـەکان بـە روونیـی دەبینرێـت، بـەشی خۆرئاوایـی قەڵاکـەش کـە رووی لـە رووبـاری زێـی بچووکـە، خەرەندێکـی بـەرزی پانـزە مەترییـە، ئەنـدازەی نێـوان خەرەندەکـە و لێوارەکانـی رووبـاری زێـی بچـووك سێ مەتـر لـە رۆخـی رووبارەکـە دوورە، بەشـەکانی باکـوور و باشـووری قەڵاکـەش دەکەونـە بەرزاییـەکانی تەپـە سرووشـتیەکە و دیوارەکانـی خۆرهـەڵات و باشـوور رووخـاون، لەگـەڵ بەرزایـی رووی تەپەکـە یەکسـان بوونەتـەوە، تەنهـا پاشـماوەی بـەردە بەکارهاتـووەکان بەسـەر بەرزاییەکانـدا بڵاوبونەتـەوە، بڕوانـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنـەی ژمارە(٥)؛(توێـژەر).

بـۆ سـاغکردنەوەی تەلارسـازییە جێماوەکانـی قـەڵای کان، ئایـا دەچنـە چوارچێـوەی بیناسـازیی قـەڵا، توێژینەوەکـە

پشتبەستە بە تایبەتمەندییەکانی قەڵا و بەراوردی ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ بەڵگە جێماوەکانی قەڵای «کان».

قەڵا بە تەلارسازییەکی بەهێز دەوترێت لە رووی پارێزگاریی و ئاسایشەوە بەهێزە، دیوارەکانی بەرز و تایبەتن، هونەری بنیاتنانەکەی لەگەڵ بیناسازیی ماڵ یان جێگەی مانەوەی مرۆڤانی ئاسایی جیاوازە(منصوری: ١٣٨٦، ل ٥٢ بۆ ٥٣)، قەڵاکان لە دیواری بەهێز و بەرز دروستدەکرێن، کە بە شێوەیەکی زۆر باش بتوانرێت رووبەڕووی مەترسیی و هێرشی مرۆیی و سرووشتیی ببێتەوە(مەلاحسینی: ١٣٨٩، ل ١٤). بەڵگە جێماوەکانی قەڵای «کان» ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرن، تەلارسازیی قەڵای کان خاوەنی دیواری بەرز و بەهێزە.

قەڵاکان تایبەتمەندیی بیناسازیی سەربازییان هەبووە، دیوارەکانیان بەرز و بەهێز و داخراو بوون، بورج و قوللەی چاودێریی لە دیواری قەڵاکاندا دروستکراوە، زۆربەی کات قەڵاکان خاوەنی حەوشەیەکی فراوان بوون، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەربازییەکانی قەڵا، چونکە گۆڕەپانی «حەوشەی» قەڵاکان سوودی زۆری بۆ دانیشتوانی نێو قەڵاکان هەبووە، لە رووی بەکارهێنانی بۆ لایەنی سەربازیی و مەشقی سەربازیی و دانانی کەرەستەی سەربازیی(اسکندری: ١٣٨٥، ل ٨٣ بۆ ٩٠)، لە شوێنەواریی قەڵای «کان» بورجە سەربازییەکان ماونەتەوە و قەڵاکەش خاوەنی گۆڕەپانێکی فراوانە و دیوارەکانی بەرز و داخراون، بڕواننە پاشکۆیی وێنەکان وێنەی ژمارە(٤) بورجەکانی قەڵای «کان» لە روی دەرەوە.

لە بنیاتنانی قەڵاکاندا، زۆر گرنگیی بە هەڵبژاردنی شوێنی قەڵاکان دراوە، گرنگترین شت لە بنیاتنانی قەڵاکان بریتی بووە لەو شوێنەی کە بۆ قەڵاکە دیاریکراوە بۆ دروستکردنی، چونکە قەڵاکان بە ئامانجی دیاریکراو بۆ مەبەستێک دروستکراون(فەرزین: ١٣٨١، ل ١٥بۆ ٣٦). ئەم تایبەتمەندییەش لەگەڵ بەڵگە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کان» یەکدەگرنەوە، شوێنی قەڵای «کان» لەبەرزترین بەرزایی سرووشتی رۆخی رووبارەکە دروستکراوە، بەمشێوەیە ئەوە روونەدبێتەوە پاشماوە شوێنەوارییەکانی «کان» قەڵایەکی مێژوویییە.

سوود لە بەردی ناوچەکە وەرگیراوە بۆ بنیاتنانی قەڵاکە، بەردەکان نارێکن و بەهۆی بەکارهێنانی ماددەیەکی زۆری چەسپاندنی قصڵ و گەچ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، تەواوی قەڵاکە دیوارەکانی لە بەردەکانی دەوروبەری بەرزاییەکە و دەشتاییەکانی دەوروبەری قەڵاکە دروستکراوە، لەبەر ئەوەی بەردەکان لە رووی شێوە و ئەندازەوە زۆر رێك نین، بۆیە لە دیوارەکاندا ماددەیەکی زۆر لە قصڵ بەکارهاتووە، ئەمەش وایکردووە بە درێژاییی چەندین ساڵ بەشی خۆرهەڵاتی قەڵاکە رییزە دیوارەکەی بە باشیی بمێنێتەوە، لە بنیاتنانی قەڵاکە تەنها سوود وەرگیراوە لە بەرد و قصڵ و گەچ. مەبەست ئەوەیە کەرەستە بیناسازییەکان بۆ دروستکردنی قەڵاکە وەك گەچ و قصڵ واتە (النیرە) وەك ماددەی لکاندن بۆ نێوان بەردەکان بەکارهاتووە(خضر: ٢٠١٤،ج١، ل٧٦).

بەهۆی بەرزیی پێگەی جوگرافییایی قەڵاکە لەسەر گردەکە و شوورای سرووشتیی وەك رووباری زێی بچووك و خەرەندی بەرزاییەکە لە بەشی خۆرئاوا زۆر بەهێزبووە، بەڵام دیوارەکانی خۆرئاوا لە رۆخی رووبارەکەدا بنیاتنراون، بەهۆی ژێرئاوکەوتن و تەوژمی رووبارەکە و بە درێژاییی رۆژگار کەوتوونەتە ژێر ئاوەکە و روخاوون و داخوراون و دارماون.

## تەوەرەی سێیەم: ئەندازەی قەڵای «کان»

قەڵاکە لە رووی ئەندازەییەوە بەشێوەی لاکێشەیەکی نارێك هەڵکەوتووە، بەشی باکووری چل مەتر پانە، بەشی خۆرئاوای کە دەکاتە کەناری رووباری زێی بچووك سەد و بیست و نۆ مەتر درێژە، بەشی باشووری کەمترین

پانیـی هەیـە و سی مەتـر پانـە، بـەشی خۆرهەڵاتـی هاوتەریبـی رووبارەکەیـە و سـەد و نـۆزدە مەتـر درێـژە، پاشـماوەی بیناسـازیی بـەشی خۆرهەڵاتـی قەڵاکـە ماوەتـەوە، بـە درێژیـی سـەد و نـۆزدە مەتـر، لـە بەرزتریـن شـوێنیدا لـە ئێسـتادا دەگاتـە پێنـج مەتـر و دیوارەکانـی بـە ئەنـدازەی یـەک مەتـر و نیـو پانـن. بڕواننـە پاشـکۆیی هێڵکاریـی ژمـارە(١) هێڵکاریـی قـەڵای کان (توێـژەر).

شـوێنەواریی حـەوت بورجـی سـەربازیی و چاودێریـی شـێوە نیوەبازنەیـی لـە بـەشی دیـواری خۆرهـەڵات دەبینرێـن، ئـەم بورجانـە بـە شـێوەی زنجیرەیـی لـە دیـواری قەڵاکـە درووسـتکراون، لـە نێـوان هـەر پانـزە مەترێـك لـە دیـواری قەڵاکـە بورجێکـی سـەربازیی درووسـتکراوە، بـە ئەنـدازەی پێنـج مەتـر پانیـی و شـەش مەتـر درێژیـی، بورجـەکان لـە دیـواری قەڵاکـەوە پێنـج مەتـر دەرچـوون بـۆ رووی دەرەوە، فراوانـی بورجـەکان شـەش مەتـر دەبێـت.

لـە هەریـەک لـە بورجەکانـدا سـێ کونـە مەتەرێـزی گـەورە درووسـتکراون، بەشـێوەیەک لەنـاو هـەر بورجێـک لـە دەسـتە راسـت و لـە ناوەنـد و لـە دەسـتە چەپیشـدا کونـە مەتەرێزێـک درووسـتکراوە، کونـە مەتەرێـز واتـە ئـەو شـێوە بۆشـایی و پەنجـەرە بچووکانـەی لـە دیـواری قەڵاکـەدا درووسـتکراون، لـە دەرەوە زۆر بچـووك دەردەکـەون و لـە بەشـی نـاوەوە فراوانـترن، بەمەبەسـتی چاودێریـی بەکاردەهێنرێـن، بـۆ ئـەوەی بـە تەواویـی ئاڕاسـتەکانی بورجـی دیـوارەکان کـە دەڕوانێتـە سـەر رێگاکـەی کەناریـی قەڵاکـە توانـای چاودێرییکردنیـان هەبێـت، ئەنـدازەی بەرزیـی کونـە مەترێـزەکان نـەوەد سـانتیمەتر دەبێـت، لـە بـەشی نـاوەوەی قەڵاکـە پانییەکەیـان شەسـت سـانتیمەتر دەبێـت، بـۆ رووی دەرەوەی قەڵاکـە کەمدەبێتـەوە بـۆ بیسـت سـانتیمەتر بـە هەمـان پێوانـەی بەرزیـی، ئەمـەش وەك تایبەتمەندیـی قـەڵای سـەربازیی و بورجـی چاودێریـی، بڕوانـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنـەی ژمـارە (٦) دیمەنـی بورجەکانـی قـەڵای کان. ئـەوی جێگـەی سـەرنجە رێژەیەکـی زۆر پاشـماوەی بەردیینـی بەکارهاتـوو لـە سـەر بەرزایـی قەڵاکـە بڵاوبوونەتـەوە، بـەڵام بەهـۆی زۆریـی پـووش و پـاوانی سـەر قەڵاکـە و دارمـانی دیـوارەکان، بیناسـازیی سـەر بەرزاییەکـە ناتوانرێـت دەستنیشـان بکرێـت، ئـەوەی ئێسـتا دەبینرێـت وەك کۆگایـەك یـان شـێوە گۆڕەپانێکـی گـەورە دەردەکەوێـت، ئەمـەش گونجـاوە بوترێـت شـوێنی بەخێوکـردن و پارێزگارییکـردنی ئەسـپەکانی سـوپای حوسـنەویی بووبێـت.

وردەکاریـی دەروازە و بەشـەکانی نـاوەوەی قەڵاکـە، و ژوور و شـوێنی مانـەوەی سـەربازەکان، بەهـۆی پـووش و پـاوانی سـەر تەختاییەکـە دیارنەمـاون، لەگـەڵ زەوییـی نـاو قەڵاکـە رێکبونەتـەوە، بـە هـۆی تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی زۆری مێـژووی بەشـێکی زۆری هێڵکاریـی قەڵاکـە تێکچـووە، بەهـۆی کەناربـوون و دوورەدەسـتییەوە کەمتریـن زانیاریـی مێژوویـی لەسـەر ئـەم بابەتـە باسـکراوە، لـە ئەگـەری ئەنجامدانـی هەڵکۆڵینێکـی شـوێنەواریی لەسـەر بەرزاییـەکان و کەناریـی رۆخـی رووبارەکـە، بەدڵنیاییـەوە بەڵگـەی زانسـتیی و هێڵکاریـی وردتـری بیناسـازییەکە دەردەکەوێـت.

## دەرئەنجام و راسپاردەکان

پـاش بەکارهێنانــی زانیارییەکانــی نێــو ســەرچاوە باوڕپێکــراوەکان و بەراوردکردنییــان بــە بەڵگــە و پاشــماوە جێماوەکانــی قەڵاکــە، توێژینەوەکــە بــەم ئەنجامانــە گەیشــتووە.

١.پاڵپشــت بــە تایبەتمەنــدی بیناســازیی قــەڵا، پاشــماوە شــوێنەوارییەکانی قــەڵای «کان» دەچنــە چوارچێــوەی بیناســازیی قەڵایەکــی مێژوویــی.

٢.پاشــماوەی نــاوی قــەڵای خفتیــزکان لــە ســەر پاشــماوە شــوێنەوارییەکانی قــەڵای «کان» ماوەتــەوە، بەشــێوەیەك وشــەی (کان) لــە نێــوان هــەردوو قەڵاکــەدا هاوبەشــە.

٣.تایبەتمەندییەکانی قەڵای خفتیزکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە سەرچاوە مێژووییەکان کە باسکراون، یەکسانن بە تایبەتمەندییەکانی قەڵای (کان)ی ئێستە کە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ماونەتەوە، لە روانگەی شوێنی جوگرافیایی قەڵاکە، هەردوو قەڵاکە لە خۆرئاوای شارەزوورن لەسەر زێی بچووك لە بەری خۆرهەڵات، لەسەر رێگەی هەولێرن.

٤. شوێنی بنیاتنانی قەڵای خفتیزکان لەسەر گردێکی سرووشتیی خەرەنداری کەنار زێیە، کە ئەمەش یەکسانە بە شوێنی بنیاتنانی قەڵای «کان»ی ئێستا لەسەرگردێکی سرووشتی خەرەنداری کەنار زێیە، تەنها پاشماوەی شوێنەواریی ناوچەکەیە ئەم تایبەتمەندییە جوگرافیایەیی هەبێت.

٥. لە سەرچاوەکاندا باس لەوەکراوە، کە قەڵای خفتیزکان بۆ شوێنی پارێزگارییکردن لە ئەسپەکانی سوپای حوسنەوی سوودی لێوەرگیراوە، بێگومان تایبەتمەندییە بیناسازییە جێماوەکانی ئێستای قەڵای «کان» لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم زانیارییانە یەکدەگرێتەوە، چونکە قەڵاکە لە شێوەی گۆرەپانێکی فراوان درووستکراوە، بەڵگە شوێنەوارییەکان بە رێکەوت دۆزراوەکانیش پشتڕاستی ئەو بۆچوونەیان کردووەتەوە.

٦.هەروەها تایبەتمەندیی بیناسازیی قەڵای «کان» تایبەتمەندییەکی بیناسازیی کوردانەیە، سەرچاوەکانیش بنیاتنەری ئەم قەڵایەیان بۆ میرە کوردەکان و میرنشینی حوسنەویی گێڕاوەتەوە، بۆیە لە ئەنجامدا ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە قەڵای خفتیزکان کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاوەدان بووە، یەکسانە بە قەڵای «کان»ی ئێستا.

٧.لەبەرنەبوونی ئەنجامی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی و هەڵکۆڵینێکی شوێنەوارناسیی کە پێشتر کرابێت، دەکرێت بوترێت زانستییترین و نزیکترین بۆچوونە تا ئێستا، پاڵپشت بە بەڵگە و پاشماوە شوێنەوارییەکان و زانیارییە نووسراوەکان، کە ئەم قەڵایە هەمان قەڵا کۆنەکە بێت، لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی زانستیی شوێنەوارناسییانە و دەرکەوتنی بەڵگەی شوێنەواریی زیاتر، کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر پشتڕاستکردنەوەی بۆچونی ئەم توێژینەوەیە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان.


الاصطخري، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي الاصطخري، المعروف بالكرخي(المتوفى: ٣٤٦هـ)، المسالكوالممالك الناشر: دار صادر، بيروت عام النشر: ٢٠٠٤م.

الحموى، شيخ الامام شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرمى البغدادي، ياقوت حموي، معجم البلدان، لبنان، بيروت.دار الناشر صدر، ١٩٩٥م.

ابن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد بن محمد الصابوني المعروف بابن الفوطي، الحوادث الجامعةوالتجارب النافعة في المائة السابعة المتوفى: ٧٢٣هـ.

ابن الأثير، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الدين ابن الأثير (المتوفى: ٦٣٠هـ)، الكامل في التاريخ، المؤلف: تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، الناشر: دار الكتاب العربي، بيروت - لبنان الطبعة: الأولى، ١٤١٧هـ / ١٩٩٧م.

المقدسي، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي الدمشقي المعروف بأبي شامة

(المتوفى: ٦٦٥هـ)، الروضتين في أخبار الدولتين النوريةوالصلاحية، عدد الأجزء١، المحقق: إبراهيم الزيبق الناشر: مؤسسة الرسالة - بيروت الطبعة: الأولى، ١٤١٨ هـ/ ١٩٩٧م.

ابنواصل، محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم ابنواصل، أبو عبد الله المازني التميمي الحموي، جمال الدين (المتوفى: ٦٩٧هـ) مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق: جـ ١، جـ ٢، جـ ٣: الدكتور جمال الدين الشيال جـ ٤، جـ ٥: الدكتور حسنين محمد ربيع - الدكتور سعيد عبد الفتاح عاشور الناشر: دار الكتبوالوثائق القومية - المطبعة الأميرية، القاهرة - جمهورية مصر العربية عام النشر: ١٣٧٧ هـ - ١٩٥٧م.

ابن عبد الحق، عبد المؤمن بن عبد الحق، ابن شمائل القطيعي البغدادي، الحنبلي، صفي الدين (المتوفى: ٧٣٩هـ)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنةوالبقاع، الناشر: دار الجيل، بيروت الطبعة: الأولى، ١٤١٢هـ .

ابن المستوفي، المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب اللخمي الإربلي، المعروف بابن المستوفي (المتوفى: ٦٣٧هـ)، تاريخ إربل المحقق: سامي بن سيد خماس الصقار الناشر:وزارة الثقافةوالإعلام، دار الرشيد للنشر، العراق عام النشر: ١٩٨٠م.

العمري، أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي العدوي العمري، شهاب الدين (المتوفى: ٧٤٩هـ)، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، الناشر: المجمع الثقافي، أبو ظبي الطبعة: الأولى، ١٤٢٣هـ.

ابن رسته، أحمد بن عمر، أبو علي ابن رسته، توفي٣٠٠ هجري، علاقة النفسية، ، مجلد السابع، متبعة بريا، المدينة ليدن. ١٨٩٢م.

ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف بابن عساكر (المتوفى: ٥٧١هـ)، تاريخ دمشق، المحقق: عمرو بن غرامة العمروي الناشر: دار الفكر للطباعةوالنشروالتوزيع عام النشر: ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥ م.

الدمشقي، محمد بن عبد الله (أبي بكر) بن محمد ابن أحمد بن مجاهد القيسي الدمشقي الشافعي، شمس الدين، الشهير بابن ناصر الدين (المتوفى: ٨٤٢هـ)، توضيح المشتبه في ضبط أسماء الرواة وأنسابهم وألقابهم وكنابهم، المحقق: محمد نعيم العرقسوسي الناشر: مؤسسة الرسالة - بيروت الطبعة: الأولى، ١٩٩٣م.

فرانسيس، بشير يوسف فرانسيس، موسوعة المدنوالمواقع في العراق، الجزء الثاني، ،الطبع الاولي، لندن، ٢٠١٧م.

أحمد رضا، أحمد رضا (عضو المجمع العلمي العربي بدمشق)، معجم متن اللغة (موسوعة لغوية حديثة)، الناشر: دار مكتبة الحياة – بيروت، عام النشر: ١٣٧٧-١٣٨٠هـ.

النقشبندي، حسام الدين غالب النقشبندي، الكرد فى لرستان الصغري (الشمالية) و شهرزور جلال العصر الوسيط، موسسة ژين، سنة ٢٠١١، سليمانية.

الزركلي، خيرالدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الزركلي الدمشقي(ت ١٣٩٦ هـ)، الكتاب الأعلام، الناشر: دار العلم للملايين، الطبعة: الخامسة عشر،٢٠٠٢م.

رئوف، عماد عبدالسلام رئوف، دراسات وثائقية فى تاريح الكردالحديث و الحضارتهم، ، الطبعة الاولى، الناشر دار الزمان، دیمشق،٢٠١٢م.

حسين، محسن محمد حسين، كتاب اربيل فى العهد الاتابكى، الطبعة الاولى، من جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٦م.

قداوى: علاء محمود قداوى، تاريخ العراق فى فى عهدي القره قوينلوو الأققوينلو، الطبعة الاولى، الناشر دار غيداء للنشر و التوزيع، الاردن،٢٠١٢م.

خضر، اراس اسماعيل خضر ، النقوش الزخرفيه والعناصر المعمارية لعمائر العثمانية الباقية فى اقليم كوردستان –

العـراق، اطروحـة دكتـوراه غيـر منشـورة مجلـد ١-٢ ، جامعـة القاهـرة ٢٠١٤م.
عزاويـي، عبـاس عـزاوى، شـهرزور السـلمانية (اللـواء والمدينـة)، راجعـه و تعليـق عليـه وقـدم لـه، محمـد عـلي القرداغـي، الطبعـة الاولي، بغـداد، ٢٠٠٠م.

## دووەم: سەرچاوە فارسییەکان.

ابـو زيـد بلخـى: احمـد بـن سـهل ابوزيـد بلخـى، (٢٣٥-٣٢٢هــ)، نسـخه خطـى كتـاب صـوره اقاليـم، كتابخانـه مجلـس شـوراى ملـى، شـماره كتـاب ٧٤٦٨٦، سـال بارديـد ١٣٨٤شمسـى.
ابودلـف، مسـعر بـن مهلهـل الخزرجـى، سـفر نامـه ى ابودلـف در ايـران، در سـال ٣٤١، بـا تعليقـات و تحقيقـات ولادیمـر مينورسـكى، ترجمـه سـيد ابـو فـزل طباطبايـي، چـاپ دوم، تهـران، سـال ١٣٥٦شمسـى.
بدليسـى، شرف الديـن بـن الشـمس الديـن بتلسى، كتـاب شرف نامـه، بـه اهتـمام ولادیمـر ولييامينـو فزرنـوف، چـاپ اول، نـشر انتشـارات ديبـا، تهران، سـال ١٣٧٧شـمسى.
مجيـد، حبيبـى، انـورى: فاطمـه فريـدى مجيـد، حسـين حبيبـى، هوشـنگ انـورى، وصـف ايـران مناطـق آن در برخـى از نقشـه هـاى دوره اسـلامى، نـاشر بنيـاد ايـران شناسـى وابسـته بـه نهـاد رياسـت جمهـورى، نوبـت چـاپ يكـم، تهران،١٣٩٢شمســى.
آرتـور، پـوپ آرتـور، معـمارى ايـران، ترجمـه غلامحسـين صـورى افشـارو احمـد ايـرانى، گـروه فرهنگـى خوارزمـى، تهـران، ١٣٤٦شمسى.
پـرادا، ايـدت پـرادا، هــنر ايـران باســتان، ترجمــه: يوســف مجيــدزاده، نــاشر انتشــارات دانشــگاه تهــران، تهــران، ١٣٨٣شمســى.
گدار، آندره گدار، هنر ايران، ترجمه: بهروز حبيبى، ناشر دانشگاه شهيد بهشتى، چاپ يكم، تهران، ١٣٥٨،شمسى.
منصـورى، سـيد اميـر منصـورى، دو دوره سـازمان فضايـى در شـهرايرانى قبلـو بعـد از اسـلام، بـا اسـتعانت از شـواهد تحـولات شـهر كرمـان، انتشـارات بـاغ نظـر، تهران،١٣٨٦شمسـى.
فرزيـن: افشـين فرزيـن، پـروژه مستندسـازى قلعـه ايرجـو راميـن، نـاشر آرشـيو سـازمان ميـراث فرهنگـى كشـور، چـاپ يكـم، سـال ١٣٨١شمسـى.
اسـكندرى، سـيامک اسـكندرى، بازشناسـى كالبـدى قلعـه ايرجوراميـن، سـومين كنگـره تاريـخ معماريـو شـهر سـازى ايـران، پژوهشـگاه ميـراث فرهنگيـو گردشـگرى، ارك بـم، ١٣٨٥شمسـى.
ملاحسينى، محمد ملا حسينى، روزنامه همشهرى، جمعه دوازده شهريور، تهران،١٣٨٩شمسى.
حناچى- آرمان، پيروز حناچى و فهيمه آرمان، مطالعات معمارى ايران، شماره چهار، سال ١٣٩٢شمسى.
انصـارى، مجتبـى انصـارى، بـاغ قلعـه، محـل انتشـار: دوميـن كنفرانـس بيـن المللـى معـمارى، عمـران كشـاورزى و محيـط زيسـت، كرجسـتان، سـال ١٣٩٨شمسى.
زراعـى، محمـد ابراهيـم زراعـى، برسـى سـاختار معـمارى دژ شـهر يـا قلعـه حسـن ابـاد، مطالعـات باسـتان شناسـى دانشـكده ادبيـات و علـوم انسـانى دانشـگاه تهـران، دوره(٥)، شـمار(١)، بهـار و تابسـتان ١٣٩٢شمسـى.

## سێیەم: سەرچاوە کوردییەکان.

زریـان حاجـی، زریـان سـالار حاجـی، ڕۆڵ و کاریگەریـی ئێرانیـەکان لـە گەشەسـەندنی بـوارە کۆمەڵایەتییـەکان لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی، سـاڵی چـاپ ٢٠١٧م.

لازاریـف، مـس لازاریـف، مێـژووی کوردسـتان، وەرگێڕانـی وشـیار عبداللـە سـەنگاوی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠٠٨م.

ئەحمـەد، سـۆران بەهـا ئەحمـەد، کوشـتوکاڵ و خـۆراک لـە هەرێمـی چیـا لـە سـەدەی (چوارەمـی کۆچـی و دەیەمـی میلادیـدا)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ناوەنـدی سـارا، سـلێمانی، ٢٠١٩م.

لەیلان، لەیلان، قەڵا دێرینەکانی کوردستان، ، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون سلێمانی، ٢٠١٠م.

ئەنـوەر، کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر، کوردسـتان و کـورد لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی پەنجـەرە، تـاران، سـاڵی ٢٠١٥م.

دان نـاردۆن، دان نـاردۆن، ئیمپراتۆریەتـی ئێـران، وەرگێڕانـی فەرهـاد عەزیـز خۆشـناو، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر،٢٠٠٨م.

مەردۆخـی، شـێخ محمـد ئایەتوڵـڵا مەردۆخـی کوردسـتانی، مێـژووی کـورد و کوردسـتان، وەرگێڕانـی زانـەر محمـەد، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١م.

ئەمیـن زەکـی، محمـد ئەمیـن زەکـی، تەئریخـی سـلێمانی و وڵاتـی لـە دەوری زۆر قەدیمـەوە تـا ئەوەڵـی ئیحتیـلال ١٩١٨میـلادی، چاپخانـەی النجـاح، چـاپ یەکـەم، شـوێن بەغـداد، سـاڵ ١٩٣٩.

برادۆسـتی، زیـدان رشـید خـان ئـەودال برادۆسـتی، پرۆسـیدینگی دووەمیـن کۆنفرانسـی زانسـتی نێودەوڵەتـی شـوێنەوار و کەلەپـوری هەولێـر، ٨-٩ی ئایـار، هەولێـر، ٢٠١٨م.

قەرەداغی، فازڵ قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤م.


دەرگەڵەیـی، یوسـف ئەحمـەد دەرگەڵەیـی، مێـژوووی شـاری هەولێـر لـە کۆنـەوە تـا سـاڵانی شەسـت، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی،٢٠٠٢م.

کەریـم، سـەروەر ئەحمـەد کەریـم، چەمچەمـاڵ بـەر لـە مەملەکەتـی ئاشـوور تـا حکومەتـی هەرێـم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، سـلێمانی،٢٠٠٣م.


غفـور، سـەلام غفـور، خورمـاڵ لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای هەرێمی(سروشتی-دانیشـتوان-ئابوری)، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٦م.

پاشکۆ


یەکەم: پاشکۆی نەخشە.




نەخشـەی ژمـارە (١) هەرێمـی چیـاکان، وەرگیـراوە لـە کتێبـی صـورت اقـالم ابوزیـدی بلخـی (مجیـد، حبیبـی، انـوری: ١٣٩٢، ل٢٧٥)؛ (ابوزیـد بلخـي: نسـخە خطـي صـورة لااقـالم، کتابـات ١٣٦٢هجـری، کتابخانـە ایـت اللـە حکیـم، شـهر نجـف، شـمارە ارشـیو٦٣٢).



نەخشــەی ژمــارە (٢) هەرێمــی چییــاکان لــە کتێبــی صــورت ئــەرضی ابــن حوقــل چاپــی لیــدن (ابــن حولــق: ١٩٣٨، ل٣٥٦).




نەخشەی ژمارە(٣) شوێنی شارەزوور لە هەرێمی چیاکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (اصتخری: ل٧٥).




نەخشەی ژمارە (٤) شوێنی جوگرافییایی و پاشماوە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کان» (توێژەر).

دووەم:پاشکۆی هێڵکاریی.




هێڵکاریی ژمارە (١) هێڵکاریی و شوێنی جوگرافییایی قەڵای کان (توێژەر).


سێیەم: پاشکۆی وێنە.



وێنەی ژمارە (١) دیمەنی قەڵای کان لە بەرزایی گردە سرووشتیەکەی کەنار رووباری زێی بچوك (توێژەر).



وێنەی ژمارە (٢) دیمەنی رووباری زێی بچوك لە بەرزایی قەڵای کانەوە رووەو خۆرئاوا (توێژهر).



وێنــەی ژمــارە (٣) دیمەنــی باشــووری دیــواری قــەڵای کان، لــە بەرزایــی گردەکــەوە دەڕوانێتــە ســەر رێگــەی کەنــاری قەڵاکــە و دەشــتاییەکانی باشــوور (توێــژەر).



وێنەی ژمارە (٤) دیمەنی رووی دەرەوەی بورجێکی قەڵای کان (توێژهر).



وێنـەی ژمـارەی (٥) دیمەنـی بەشـی باشـووری دیـواری قـەڵای کان لـە بـەرزی قەڵاکـەوە بـە ئاڕاسـتەی خۆرئـاوا (توێـژەر).



وێنـەی ژمـارە (٦ و ٧) دیمەنـی بورجەکانـی قـەڵای کان لـە بەشـی نـاوەوەی قەڵاکـە و شـوێنی کونەمەتەرێـزەکان (توێژەر).

## Castle (Kan-Khftiz) in Sharazoor in the Middle Ages

**Summary:**

This research was written under the title (Castle of Cannes - Khaftizkan - in Shahrzor in the middle Ages). It aims to clarify the history of the castle and determine its geographical location. The importance of the research lies in shedding light on an archaeological fortress, in an important historical stage and in a historical area, which is the Shahrzur area located in the Kurdistan Region. In addition, he did not write any academic research on the Khfetiz Citadel before. In early sources, this fortress was mentioned by several different names, such as “Kheftizkan”, “Agendakan” and “Kheftian” castles. Based on the information in written sources about the name, geographical location, history and composition of the castle, then compare the information with the existing architectural remains of Cannes Castle. Part of the research is a field visit to the archaeological remains of the castle, with the aim of verifying their architectural characteristics, geographical location, architectural maps and materials used in the castle. Compare the information contained in the historical sources with the remains and historical evidence left in the castle. In conclusion, the research reached several results, including: The archaeological and engineering remains of the Kan castle within the limits of the (Chamchamal) administration near the village of (Kopteba) belong to the (Khaftizkan) castle mentioned in the historical sources that the castle was located in Shahrazur in the Middle Ages, during the reign of (Prince Surkhaby, son of Prince Badri Al-Hasnawi).

**Keywords: Castle kan , Khaftizkan , Shahrzor, Prince Surkhab, middle Ages**

## قلعة (كان خفتيز) في شارزور في العصور الوسطى

الملخص

كتب هذا البحث بعنوان (قلعة كان- خفتيزكان- في شهرزور في العصور الوسطى). وهو يهدف إلى توضيح تاريخ القلعة وتحديد موقعها الجغرافي. تكمن أهمية البحث في تسليط الضوء على قلعة أثرية، في مرحلة تاريخية مهمة وفي منطقة تاريخية وهي منطقة شهرزور الواقعة في إقليم كوردستان. هذا فضلا عنه أنه لم يكتب عن قلعة خفتيزكان أي بحث أكاديمي من قبل. في المصادر المبكرة ، ورد ذكر هذه القلعة بعدة أسماء مختلفة ، مثل قلعة «خفتيزكان» وقلعة «أجندكان» وقلعة «خفتيان». بناء على المعلومات الواردة في المصادر المكتوبة حول الاسم والموقع الجغرافي وتاريخ القلعة وتكوينها ، ثم قارن المعلومات مع البقايا المعمارية الحالية لقلعة كان. جزء من البحث هو زيارة الميدانيه البقايا الأثرية للقلعة، بهدف التحقق من خصائصها المعمارية وموقعها الجغرافي والخرائط المعمارية والمواد المستخدمة في القلعة، مقارنة المعلومات الواردة في المصادر التاريخية مع بقايا والأدلة التاريخية المتروكة في القلعة. وفي الختام ، توصل البحث إلى نتائج عدة، منها: أن البقايا الأثرية والهندسية لقلعة (كان) في حدود إدارة (جمجمال) قرب قرية (كوبتبة)، تعود لقلعة (خفتيزكان) المذكورة في المصادر التاريخية التي تفيد بأن القلعة كانت تقع في شهرزور في العصور الوسطي، في عهد (الأمير سورخابي ابن الأمير بدري الحسنوي).